# دەستوری هەمیشەیی عێراق
# گەورەترین کارەسات و نەهامەتیپێشێلکاری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە

سەیران تەها ئەحمەد
پسپۆر لە یاسای نێودەوڵەتی
زانکۆی سلێمانی- کۆلیژی یاسا

دوای نوسیینەوەی ڕەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراق و هەوڵە چڕوپڕەکانی لایەنی کوردی و کۆبونەوەکانیان و لێدوانەکانیان ،بەتایبەتیلێدوانەکانی سەرۆك بارزانی پێش سەفەری وەفدی کوردی بۆ بغداد لێدوانەکانی بەڕێز مام جلال کە هەموو شتەکان بە دڵی کورد دەبێت , وەهەروەك (د. فؤاد معصوم ) و سەرۆك بارزانی و ئەوانی تریش بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە (إنجاز العظیم ) دەسکەوتی زۆر گەورەیان بەدەست هێناوە ، بەڵام پاش بڵاو کردنەوەی دەقی ڕەشنوسەکە میللەتێك تووشی شۆك بووە ، حەزدەکەین لە سەرکردەو سەرەوەرکانی گەلەکەمان بپرسین بەڕێزان کامانەیە دەسکەوتە گەورەکان :

چونکە وەك دەزانن دەستوور یاسای بنەڕەت و باڵای وڵاتە و هەموو ڕۆژێك دەستوور نانوسرێتەوە ، لە پێشێلکردنی یاساو سەروەری یاسا وەك کوردستان نابێت بە پێی ( مزاج ) و بڕیاری سیاسی حیزبی نابێت ئەوکاتە لادان لە دەستوور گەورەترین نەهامەتی و شکست بۆ گەلەکەمان دەهێنێت زۆر دوورنییە توشی شەڕی دەستەویەخە و قەسابخانەیەکی تری سەدەی بیست و یەکی ( شیعە و سوننە ) کانی نەکات ...

ڕەشنوسی دەستووری عێراق لە دیباچەکەیەوە تا دەگاتە دوا ماددەی (153) نەك هەر شتێکی تێدانییە کە بە دەسکەوت و سەروەری دابنرێت بۆ گەلی کورد بەڵکو گەورەترین پێشێلکاری و ناڕەوایی و دۆڕاندنی مەسەلە بنەڕەتییەکانی کوردی تێدایە ، وەهیچ جۆرەتایبە تمەندییەکی کورد وەك نەتەوە بوونی نییە لە دەستوورەکەدا .

سەبارەت بەوەی کە تەنها لە دیباچەکە وەك ڕەمزێك ناوی هەڵەبجە یان بأرزان و ئەنفال هێنرابێت ، ئەوا بەرامبەر بە هەموو ئەو کارەساتانە ، بەراورد ( مقارنە ) بە گوندی بەشیر و ناخۆشی خەڵکانی ناوچەی ڕۆژئاوای عێراق کراوە ، ئەمە تەنها لەبەرخاتری (مساومە یەکی سیاسی ) ئەم ناو هێنانە باس کراوە ئەی بۆچی مادەیەکی تایبەتی لە ( 153 ) ماددەدا بۆی تەرخان نەکراوە ، ئایا لەگۆڕنان و ون بوونی (182) هەزار کەس و وێران کردنی (4000) بۆ (5000) گوند و فرۆشتنی ژن و سەدان و هەزارن مەلەفی تری نەتەوەی کورد،شایانی ئەوە نیە کە مادەیەکی لە دەستوردا بۆ تەرخان بکرێت ،ئەی کوا قەرەبوکردنەوە و یاد کردنەوەیان یان ڕێز لێگرتنیان ،عێرا قێك کە گەورەترین و قێزەونترین تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە نەك لەئاستی عێراق و ناوچەکەدا، بەڵکو لە ئاستی جیهاندا کەم وێنەیە، مادەیەکی بۆ تەرخان نەکرێت،چی لە هۆڵۆکۆستی ئیسرائیلیەکانە کەمترە کە تا ئێستا لە قەرەبووی گەلەکەیان لە ئەڵمانیەکان خۆش نابن، چەند شەرمەزاریەکی گەورەیە ڕووت بێت بە میللەتێك بڵێیت دەسکەوتی گەورەمان بەدەست هێناوە، ئەگەر ئەمە دەستکەوت بێت ، دەبێت چەمکی دۆڕاندن چی بێت؟ وە یان دۆڕاندن و شکست هێنان لەلای کورد بوون نیە ،گەورەترین کوفرە ، بەڵکو دەبێت بکرێت بەسەروەری و شانامەی پیادا هەڵبدەین.ئایا هەموو ئەو کارەساتە ماڵوێرانانەی بەسەر کوردا هاتووە بەدەستی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق لە دەستورێکی شیعیدا مادەیەکی پێنەبەخشرا، کوا سیاسەتی (توافق)کەتان ، هەموو ئەنفالەکانمان هەموو وونبووە کانمان نەدەبوو وەك(عتبات مقدسە و مقامات دینیە) وەیان (شعائرالحسینیە) کان، چۆن مادەکانی (10،40) بۆ تەرخان کراوە،هەر هیچ نەبوایەشەرتان بۆ تەنها بڕگەیەك بکردایە،تو خوێنی هەموو شەهید ستانەکانمان کامیان (مقدس) ترن، هەڵەبجە و بارزان و ئەنفال ناسنامەی کوردە کە خەباتی میللەتێك و ڕا پەڕینەکانی بەرجەستە دەکات ،خۆ هەمیشە شەڕتانە لەسەر ئەوەی کێ خۆی بە خاوەنی یەکەم تەقە و یەکەم مەفرەزەو یەکەم شەڕ و یەکەم بلێسەی ڕا پەڕین دەزانێ، ئەی توخوا کێ خۆی بەخاوەنی یەکەم تەسلیم کردنەوە و گەڕانەوە بۆ باوەشی عێراق و یەکەم (تنازل) کردن ،لە مافی چارەی خۆنووسین و پێشمەرگە و کەرکوك دەزانێت. وە یان تائێستا ئەم میللەتە کافرە بووە و ڕێزیان لە (عتبات مقدسە) نەگرتووە، وە یاخود گەورەترین مەرامی سیاسی شیعی لە پشتەوەیە کە شەرعیەتدانە بە (مرجعیە دینی) .

حەقی خۆمانە لە سەرکردەکانمان بپرسین کە دەڵێن دەسکەوتی گەورەمان بەدەست هێناوە ، کوا مافی چارەی خۆنوسین ، لە چ قۆناغێکی دانوستاندا بە دۆڕاندن درا، بەرامبەر بە چ خاڵێك (تنازل ) تان لێکرد ...؟

گەورەترین سەرلێشێواندن و چەواشەکردنی خەڵکە کە بوترێت ئێمە مافی چارەی خۆنوسینمان ، بەفیدراڵی دیاری کردووە ، کام فیدراڵیە کوا ( فیدراڵی نەتەوەیی جوگرافی ) کوا ئاماژە پێکردنی ،یان مەبەستان لەلامەرکەزی یان ئۆتۆنۆمی کەمێك باڵاترە ، چونکە

مافی چارەی خۆنوسین دەقێکی ئاشکراو روونە لە بەڵگەنامەو رێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکاندا ، هەروەك لە هەردوو پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان و ئەوی تریان بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان لە ساڵی ( 1966 ) دا ، زۆر بە ئاشکرا ئاماژەی پێ کراوە لە مادەی یەکەم دا ، کە ئەو مافە دەبەخشێتە هەموو گەلانی دنیا ، سەربەستن لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیاندا ..

ئیتر چۆن رێگەتان بەخۆتاندا ئەم مافە یاسایی و سروشتییە بخەنە ناو دانوستان و سازش پێکردنەوە ؟

ئایا چارەنوسی میللەتێك ( کە 85 ساڵ لەمەو بەر لە پەیماننامەی سیڤەر دا ئاماژەی پێکراوە ) ئەمڕۆ بخرێتە بەردەم شیعە و سونەکانی عێراق ئەوان سەرپشك بن لەوەی چیمان پی رەوادە ببینن یان نا ؟

- دەبێت کورد چ هیوایەکی بە دەستووری هەمیشەیی هەبێت کە ئەو دەستوورە مۆرکی طائفی و مەزهەبی و ئایینی پێوەدیاربێت ؟

ئەو دەستوورە خۆی لەگەورەترین کارەساتدا دەبینێتەوە کە هەر برگەیەکی پێچەوانەو ناکۆکە لەگەڵ برگەکانی پێش خۆیدا ، کە بە ئاشکرا ( مساومە سیاسی ) پێوە دیارە .

- دەستوورێك کەلەمادەی ( 2 ) دا لەبرگەی ( أ ) رێگە بەهیچ جۆرە یاسایەك نادات کە پێچەوانەی (ثوابت أحكام الاسلام) بێت ، کەچی لە برگەی ( 2 ) دا دەڵێت رێگا نادات کە یاسا دژ بە بنەماکانی دیموکراتییەت دەربچێت؟ .. کێن ئەوانەی (ثوابت)ەکان دیاری دەکەن و کێن ئەوانەی بنەماکانی دیموکراتییەت دیاری دەکەن ...؟ ئایا ئەمە دەستوورە یان (کەلێن و گزی کردنی سیاسەتە ) وە یان بواردۆزینەوەیە بۆ لایەنی باڵادەستی ( شیعە )،کە بتوانن لە داهاتودا (مادەکان ) ی دەستوور بە پێی تەفسیر و لێکدانەوەی ئایینی و سیاسی خۆیان لێك بدەنەوە .
- کورد دەبێت چ دڵێکی بە دەستوور خۆش بێت ، کە بەهیچ جۆرێك باس لە تایبە تمەندێتی گەلی کورد ناکات ، ئاماژە بۆئەوە ناکات کە عێراق لە دوو گەلی سەرەکی پێك هاتبێت ، تەنها ئەوندە نەبێت کە لەمادەی ( 3 ) دا دەڵێت (العراق بلد متعدد القوميات و الأديان ) ئەم دەستەواژەیە زۆر گشتی یە ، کوا ناوهێنانی گەلی کورد لە عێراق دا کە بەشێکن لە نەتەوە ی کورد ؟
- کامەیە دەسکەوتی گەورە لە دەستوور بۆ کورد دەبێت هەبێت ؟

کەبچوکترین ئاماژە بۆ هێزی پێشمەرگە نەکرێت (کە پێشمەرگە یانی شەرەف و بوونی کورد)،وەیان بەراورد تان پێکرد بە میلشیاکانی(بد ر و مقتدی)، رەنگە بڵێن خۆ لە پاڵەوانێتیاندا هیچیان لە پێشمەرگە کەمتر نیە،لەبیرمان چوو بیرتان بخەینەوە ئەری ئەوە ئەوان بوون یان کورد بوون میللەتێکیان خستە بەردەم هێرشیی کیمیاوی و بایۆلوجی لە پێناوی رزگارگردنی عێراقی دایکماندا؟ ئەگەر خودا ( صدام حسین ) ی کەمێك بێ عەقڵ بکردایە بە تۆزێکی تر لە چەکە کۆکوژەکانی ئاوپرژێنی بکردینایە ،رەنگە ئەو کاتە مادەیەکی دەستورمان پێبەخشرایە؟

ئەی کوا دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان، کوا ( جبل حمرين ) کەمان ، یان سنوور دیاری کردن لە چەمکی فیدراڵی پارێزگاکاندا بوونی نیە و خیانەتە؟

ئەی کوا جەختی گروپی کوردی لەسەر سەروەت و سامانی کوردستان کە ( 65٪ ) ی سامانی کوردستان بۆ گەلی کورد بێت ، بەلاَم ئێستا سەروەت و سامانی کوردستانیش بەشی هەموو خەڵکی عێراقە , ئەی چۆن حسابتان بۆ ئەوە نەکرد ، کەئەم گەلە ( 35 ) ساڵە بە جیا لە هەموو ناوچەکانی عێراق بێبەشکراوە ، ئایا دەکرێت قەرەبووی پیس بوونی ژینگە و کاولکارییەکانی کوردستان ئاوا بێ بایەخ بکرێت و باسی لێ نەکرێت و تەنانەت مادەیەکیشی بۆ تەرخان نەکرێت ، حسابی سیوسێنان و قەرەداغ و بارزان و هەڵە بجە و ... هتد ،بە بەراوردێك لەگەڵ فەلوجە و تکريت و بعقوبە و موسڵ ... هتد بکرێت ؟ پێویستە مژدە بدرێت بەکەس وکاری ئەنفال کراوەکان خەمتان نەبێت کە هەریەکە لە ئێوە بەقەدەر (رنا صدام حسين) و بەعسیە شەریفەکان و فەلەستنیە صدامیەکانتان بەردەکەوێت ، چاوەڕوان بن بەدەستی ئەنفالچیەکان مووچەکانتان بۆ زیا د دەکەین و مەلەفەکانتان لەلای خۆیان هەڵدەگرن و دەستوری پێ ناشرین ناکەن.

- کامەیە سەروەرییەکانی ئەم دەستوورە کەدەسەلاَتی هەرێمی کوردستان قۆرغ دەکات و بچوکی دەکاتەوە ، ئەوەتا لە مادەی ( 13 ) بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەستوور یاسای باڵایە لە عێراقدا وە ( ملزم ) ە بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق بەبێ ( استثناء ) ، وە لە برگەی ( 2 ) ی هەمان مادە دا دەڵێت : بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت دەقێکی یاسایی دژی ئەم دەستورە هەبێت بە تایبەتی ئاماژە بۆ دەستوری هەرێمەکان دەکات کە بۆیان نییە کە هیچ جۆرە یاسایەك دەربکەن لەگەڵ دەستوردا نەگونجاو بێت ، کە ئەمەش بە تەواوەتی پێچەوانەی مادەی ( 116 ) یە کە هەندێك لە دەسەلاَت دەبەخشێتە هەرێمەکان .
- دەبێت دڵمان بە چ دەستوورێك خۆش بێت ، کە لەمادەی ( 43 ) دا برگەی ( 2 ) بەئاشکرا ئاماژە بۆ (النهوض بالقبائل والعشائر العراقية ) دەکات ، کەئەمەش دژ و نەگونجاوە لەگەڵ برگەی ( 1 ) ی هەمان مادە ، کەباسی لە چەسپاندنی رۆڵی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات ، ئەمە چ جۆرە چەواشە کاری و سوکایەتی پێ کردنە بە بنەماکانی مرۆیی بوونی نەك هەر مرۆڤی کورد

بەڵكو بە هەموو خەڵكانی عێراق ، چۆن چۆنی و لە چ ژینگەیەكی مەزهەبی و طائفی و عەشایەری ، كۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێت سەرهەڵ بدات ؟ یان بتوانرێت باس لە مافی ژنان بكرێت ؟

- دەبێت لێرەوە مژدەی گەورەترین نەهامەتی بە ژنان بدرێت، كە چۆن ئیتر وابەستەی نەك هەر رژێمە فەرمانڕەواكان دەبن بەڵكو دەبێت لەمەودوا مل كەچی مەزهەبەكان و عەشائیر و مەرجەعیەت و خێڵەكان بن چونكە بە دەستور تیرۆری هەموو مافەكانتان كراوە
.
- وە ئایا ئەمە چ جۆرە گاڵتە پێكردنێكەكە گوایە هەموو ئەو مافانەی كە لە پەیماننامە و رێكەوتننامە نێودەوڵەتییەكاندا هاتووە( بۆ هەموو خەڵكی عێراق دەستەبەر دەكرێت )، بەڵام بە مەرجێك كە لەگەڵ بنەما و فەرمانەكانی ئەم دەستوورە دا ناكۆك نەبن ، كە ئەمەش هەر لە مادەی ( 2 ) ساغ كراوەتەوە نابێت دژبە ( أحكام و ثوابت شريعةالإسلام ) نەبێت.ئا لێرەدا بە پێویستی دەزانم پچووكترین ڕووبكردنەوەمان هەبێت، ئێمە هیچ كاتێك دژی دین نەبووین و نابین،چونكە بووە بە بەشێك لە كەلتوور و پێكهاتەی رۆحی تاكەكان ، وە حەقی خۆیەتی بڵێین ئەوە كورد بوو شەرەفی ئیسلام و هەموو عەرەبی پاراست لە( حملات صليبية )كاندا، وە تا ئێستاش باجەكەی دەدات ، بەڵام دژی ئەوەین كە ئاینەكەمان لێ‌بكەنە چەك و پێشێلكاری مافەكانی مرۆڤی پێبكەن؟ دژی ئەوەین شتە پیرۆزەكا نمان لێ ناشرین بكەن و تێهەڵكێشی سیاسەتی بكەن و بیكەنە پردێك بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات و فەرمانڕەوا.
- بوونی ئەم جۆرە دەقی گڕی لێكردنانە لە خەڵك ، بوونی ئەم دەقە تەم و مژاوی و پێچ و پەنا هێنانەوە و ناكۆكیانە ، كارەساتە ئەمانە بە دەسكەوت دانانرێت ،چۆن پێتان ڕەوایە داوا لە خەڵكی سادە و ناڕۆشنبیری ئەم وولاَتە دەكەن و هەڵیان دەخەڵەتێنن دەنگ بۆ دەستوور بدەن...
- ئایا سەروەری و دەسكەت لەوە گەورەتر دەبێت وەك خۆیان وتەنی ( تأجيل ) كردنی مەسەلەی كەركوك بۆ دوو ساڵی تر. لەسەر چ بنەمایەك لەسەر چ ( ضمانات ) یان گەرەنتییەك ،ئەگەر مادەی( 58 )لەسەردەمی یاسای بەڕێوەبردن كاتیدا مادەیەكی سەرەكی بووبێت،لە بالادەستی كوردا جێبەجێ‌نەكرا ، ئایا دەبێت لە سەردەمی بێ‌دەسەڵاتی كورد و هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسای بەڕێوەبردنی كاتیدا ،تەنها مادەی( 58 ) نەبێت چۆن جێبەجێ دەكرێت؟
- ،ئەم ناڕەواییەچۆن پێی ڕازی بوون ، ئایا ئەمە ( توافق ) ە یان ( تنازل ) ە ، ئەگەر شیعەو سوننەكانی بەرگری لە ( صدام حسين ) دەكەن و بەسەربەرزییەوە دژی زمانی كوردی نەتەوە ی كوردی و فیدراڵییەت و مافی چارەی خۆنوسین وەستان و ئیمزایان نەكرد ،ئایا كەركوك هێندەی مەسەلەكلنی ئەوانی نەدەهێنا، خۆ كەركوك قودس و دڵی كوردستان بوو ،دەبوایە (تنازل ) تان لە پۆستەكانتان بكردایە، عەرشی ئەمەریكاتان بهەژاندایە ، بڕیاری كشانەوەتان بدایە، (تنازل) لە كەركوك نەكردایە ، ببورن ئەو بڕیارە گەورانە و عاجز بوونتان لە بەغداد تەنها بۆ وەرگرتنی ( پۆستی سیادیە ) ،نەك بۆ ئەو جۆرە هەڵوێستانە،یان ئەوەتا ئێوە لە عەرەبی عێراق بە پەرۆشتر و دڵسۆزترن بۆ خاكی عێراق و دروست بونەوەی ، لەبەر ئەوە بووە هەموو داواكارییەكانی كوردتان كردە قوربانی ئەم دەستوورە ؟
- لەوانەیە گەورەترین دەسكەوتی مێژوویی بۆ كورد لەم ڕەشنوسی دەستوورەدا ئەوە بێت كەزمانی عەرەبی و كورد دووزمانی ڕەسمی بن لە عێراق دا ، ئەم دەسكەوتە مەزنە، بەڕێزان لە سەردەمی ( صدام حسين ) ی خوێنڕێژ و ئەنفالچی بوونی هەیە ، وەسەبارەت بەوەی كە زمانی كوردی لە دام و دەزگا ڕەسمییەكان لە دراو و پەسا پۆرت .... هتد بەكاربهێرێت ، ئەمە تەنها ئاماژە پێكردنە و لە واقیعدا نەئەمریكا و نە گروپەكانی تر جێ بەجێی ناكەن چونكە بەبەرچاوی كوردەوە دراوی عێراقی و پەسا پۆرتیش دەرچوون و یەك ووشەی كوردیشی تێدا نەبوو ، وە تێیدا نابێت لە داهاتوودا..

ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگر هەیە ، كە ئەویش ئەوەیە ، كە كورد و سەركردایەتییەكەی و شۆڕشەكانی ، بچوكترین وانە لە مێژوو وەرناگرن ، هەموو دۆڕندن و تێك شكاندنی شۆڕشەكانی كورد هەموو ئە نجامەكان لەیەك دەچن : 1920 ، 1970 ، 1974 ، 1988 ،1996 ، 2003 ، 2005 ، ... هتد

لە هەموو ڕاستییەكانیش ڕاستتر ئەوەیە كورد پێیان شەرمە باس لە شكست و هەرەس و تێك شكاندەكانی بكات ، لە هەمووی ماڵ وێرانتر بەرگی سەروەری و قارەمانێیان لەبەر دەكات و بەبالای میللەتێكی نەزاندا دەیبڕێت و بە میللەتێكی دەفرۆشێتەوە !

لە پێناوی چیدا پەلەتان كرد لە نوینەوەی دەستوور ، ئەگەر سیانزدە ساڵ پەلەتان نەبوو ، ( میللەتێك لێتان دەپاڕایەوە ) كە ئەم دووئیدارەیە بكەنەوە بە یەك ، و بەیەك حكومەت و نەتانكرد ، بە بێ پەڕلەمان و بەبێ دەستوور بوونتان هەبوو ، دڵتان بە كوردستان نەسوتا ، ئێستا ئەم هەموو دڵسۆزییە بۆ عێراق و یەكێتی خاكەكەی لە پێناوی چی دا ؟

- كەواتە بە حەقی خۆمانی دەزانین پرسیار بكەین و وەلامان بدرێتەوە ؟

**ئەگەر ئەمەندە دڵسۆزی عێراقن ئەی بۆچی واتان پەروەردە نەکردین ،ئەی بۆ فێری کوردستان یان نەمانتان کردین؟**
**ئاخر زۆر ستەمە ئێستا ڕۆحی کوردایەتیمان پێ لەگۆڕنێن و ڕۆحێکی عێراقیانەی لەبری دابنێین ، ئێمە هەرگیز عێراقی نابین و نەبووین ، ئەوە ناسنامەی ئێمە نیە و بە زۆر لە 1920 سە پێنراوە بەسەرماندا ، ئێمە چەندە عێراقین ئەوەندەش تورك و فارس و ئێرانین، داوای لێبوردن دەکەین کە کوفری حەقیقەت دەکەین ، بەلام تاکەی درۆ لەگەڵ خۆمان و مێژوو بکەین .**
**لەبەر ئەم هۆیانە تاوانە بەرژەوەندی و ویستی ئیرادەی میللەتێك بکرێتە قوربانی هەڕەشەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و لە پێناوی سەرخستنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا ، پەلە بکرێت؟ ... ئەو ئەمریکایەی ، ئەوەندەیان کورد پێ قبوڵە کە دەسەلات و پلە بەرزەکانیان پێ دەبەخشێت ، تا لەم قۆناغەدا ( تنازل ) ە کانی کورد بە دەستی کورد خۆی تۆمار بکات ...**
**لەکۆتاییدا ... لەگەڵ سەرخۆشیمان لە هیوای گەلەکەمان لە نوشوست هێنانی دانوستانەکانی بڕیاردەرەکانی و دەست هەڵبڕەکانی پەڕلەمانی کوردستا نمان دەڵێین : ئەم دەستوورە بۆ ئەم قۆناغە و بۆ هەمووو کاتێکی تر گەورەترین کارەساتە ئەگەر لە ئەمڕۆیەکی بێ دەسەلاتی شیعە و سوننە و بوونی ئەمریکا دا ئەم هەموو ( تنازل ) یان بەکورد کرد ، ئەی ئەبێت لە سبەینێیەکی بالادەستی شیعە و سوننە صدامییەکان و نەبوونی ئەمریکادا چ قەسا بخانەیەکی تر چ ئەنفالێکی تر چاوەڕوانی کورد بکات ؟...**